# سیی ساڵ زیندانیی بۆ د.کەمال ،پەیام و دیاریی پدک بۆ نووسەران و رۆشنبیرانی کورد.

بەپێی ئەو هەواڵانەی لەشاری هەولێرەوە ، بەدەستمان گەیشت و لە ژووری کوردستان یونایتیددا بلاومان کردەوە وەک یەکەمین چوارچێوەی هەواڵ ،لەرێگەی نووسەری بەرێز ( ئەورەحمان زەنگەنە )ەوە د.کەمال لە دادگایەکی حیزبییدا دادگایی کرا . بەداخ و پەژارەیەکی قووڵەوە ، دەسەلاتی پارتیی دیموکراتی کوردستان 30 ساڵ زیندانیی داوە بەتەنگەی د.کەمالدا. دادگاییەکە زۆر رۆتین بووەو زێتر لەدادگاکانی شۆرشی ( مەحکەمە سەورە ) سەردەمی بەعس چووە ، تەنانەت پارێزەرە کارتۆنییەکەی کە بەسەر د.کەمالیشدا سەپێنرابوو، هیچ لارییەکی لەبریارەکە نەبووەو نە پێش بریارو نەپاش بریار قسەیەکی لەقازانجی د.کەمال نەکردووە .

بەڵێ د.کەمال زۆر ئازایانەو بەپێچەوانەی پروپاگەندانەی ئەو شاعیرانەی لە شیراتۆندا کەوتوون و دەلەوەرێن هیچ داوای لێبوردنی نەکردووەو هیچ پەشیمانییەکی دەرنەبریوە . مافیاکانی ئیتاڵیا و ئەمێریکای لاتین و دیکتاتۆرەکانی دنیاش، کاتێ دادگا حوکمیان دەکات ، 30 ساڵیان بۆ نابرێتەوە. بەلام چونکە تاوانەکانی د.کەمال زۆر گەورەترەو کەس وەک ئەو هێڵە سوورەکانی خێڵی نەبەزاندووە سیی ساڵ زیندانی کوردایەتی بۆ دەبرنەوە .

ئێستا کاتی هەڵوێستە ، کاتی ئەوەیە ئەو نووسەر و رۆشنبیرو ئازادیخوازو کەسایەتی و لایەنانەی پاڵیان داوە بە دیواری بێدەنگییەوە، ئەو دیوارە بشکێنن. ئێستا د.کەمال قوربانییەکی دەستی دەسەڵاتێکی تا سەر ئێسقان عەشایەریی و بنەماڵەییە. ئێمە دلنیاین پارتیی ئەم کارەی بۆ ناچێتە سەر ، بە هەوڵ و کۆششی ئازادیخوازان و رۆشنبیرانی ناوەو دەرەوەی کوردستان لەگەڵ ئازادیخوازانی جیهان و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ئەمنستی ئینتەرناشناڵ ،پاشەکشە بەپارتی دەکەن.

ئێمەش لەگەڵ گەرووی پر لەگریانی "ئاواز" ی خوشکی د.کەمالدا هاوار دەکەین ، هاوار هاوار نەبووە لەسەر دوو لاپەرە سیی ساڵ زیندانی بکرێی ،ئەی رۆشنبیران ، ئەی نووسەران ، ئەی کوردپەروەران، ئەی مافناسان ، ئەی خەڵکی هەولێر، ئەی مەحامییان،ئەی پارێزەران ، قەت نەبووە قەت نەبووە کورە نەبووە ، هاوار هاوار، هەڵستن ئەی زانکۆی هەولێر، ئەی زانکۆی سلێمانیی هیچتان نەکرد .... ئەی هاوار کیمیابارانی هەڵەبجەی نەکردووە، ئەی هاوار کوردی زیندەبەچاڵ نەکردووە، ئەی هاوار کوردی ئەنفال نەکردووە، ئەی هاوار لەو قانوونەی کورە دەنگتان بگەیەنن بە هەموو عالەم کورە ئەی جەماوەری بەشەرەفێ کورد ئەنگۆ کوا دەنگتان ، ئەگەر لەسەر ئەمە بەجواب نەیەن ئەی لەسەرچیی بەجواب دێن... کورە هاوار هاوار ،نەبووە نە هاوار لەم تاوانە گەورەیە ، هاوار لەبۆ هەموو گەلی کوردستان لەبۆ هەموو مافپەروەران .... لینکی ئەم قسانە لێرەدا هەیە

**www.bopeshawa.com**

نێوەندی راگەیاندنی ژووری کوردستان-یونایتید ( پاڵتۆک)

2005-12-19